# ترانسندێنتالی و فینۆمینۆلۆجی

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

١- لە ژیانی کۆمەڵگەدا هەندێک جار ڕووداوێک، ئەگەرچی بچووکیش بێتە بەرچاو، بەڵام ئەنجامی چاوەڕوان لێ نەکراوی سنووربەزێنی لێ دەکەوێتەوە، ئیتر ئەو ئەنجامە ئاریێ، یان ناریێ بێ. داهێنانی ئامێری چاپ کردن و دامەزراندنی چاپخانە لەلایەن داهێنەرەکەی (گۆتمبێرگ) لە ئەڵمانیا ئەو ڕووداوە سنوور بەزێنە شۆڕش ئامێزە بووە.

تەنانەت لە کۆتایی سەدەی حەڤدە بەدواوە، بەلانی کەمەوە (١٧٠٠) کتێب چاپ و بڵاوکراوەتەوە (کرین برینتون: ١٩٨٤، ص١٦٨)، ئەمەش شۆڕشێکی کولتووری و ئایدیۆلۆجی لە کۆمەڵی ئەورووپادا بەرپاکردووە. (سەرەڕای وەرگێڕانی ئینجیل بۆ سەر زمانە نەتەوەییەکان و چاپکردنی و بڵاوبوونەوەی لەنێوان ئاپۆرای خەڵکدا).


ئەو ڕەوشە نوێیە، پشت ئەستوور بە بزووتنەوەی چاکسازی و ڕێنێسانس و ڕۆشنگەریی، بووەتە مایەی گۆڕانی وێنەی جیهانی و بۆچوون دەربارەی سروشت و مشتومالّکردنی چالاکییەکانی ژیر. ئەو گۆڕانە ڕووی ئامانجی کردووەتە سروشت و کولتووری بۆماوە و لە ئارادا بووی سەردەمەکە، ئیتر بایەخ بە پێگە و ڕۆڵ و بەهای مرۆڤ و چالاکییەکانی لە کاروباری ژیاندا دراوە، مرۆڤ لە پاشکۆیەتی کڵێسە دەرباز بووە و ڕەنگی پێوەندییەکی نوێی لەگەڵ

ڕەبدا ڕشتووە. سروشت و ماددە کە پێشتر بە چاوێکی نزم سەیرکراون، بگرە بەهۆکار و مایەی بەدکاری و نەهامەت دانراون، کراون بە کەرەستەی توێژینەوە و هەوڵی کۆنترۆڵکردنیان دراوە بۆ بەکارهێنانیان بۆ سوود و قازانجی مرۆڤ و کۆمەڵ لە ژیانی سەر زەویدا.

- لەلای خۆیەوە میتۆدەی توێژینەوە کە وەک ئامرازێکی چالاکی زانستییانە پشتی پێ دەبەسترێ، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ڕووبەڕووی ئەرکێکی نوێ بووەتەوە کە لەگەڵ گۆڕانی سەرجەمدا بێتەوە.

بەپشتیوانی ئەو میتۆدە نوێیە کە پتر سروشتی لۆجیکی بیرکاری زانستی هەبووە، هاوکێشەی کەرەستەی توێژینەوە گۆڕاوە و لەم سەردەمدا فەلسەفە، زانست، مێژوو کە پتر بەلای مێژووی بیروبۆچووندا چووە، نەک بەلای ڕووداوەکاندا، دابونەریت، کاروباری ئایین و کردار و ڕەفتار و ژیان و ئاکاری مرۆڤ، کراون بە کەرەستەی تاووتوکردن و توێژنەوە.

ئەوەی لەو کایەیەدا سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ دوور لە گەف و هەڕەشە و تۆقاندن کە ئایین و کڵێسە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە لە هزرمەندانیان دەکرد، وەک گورگەکەی هەیاسی خاس دەیانتۆقاندن، لەو قۆناغەدا لە چالاکی زانستی و توێژینەوەدا ژیر و زانست کراون بە سەرپشک، ئەوجا چوونەوە سەر بنجوبناوان و چالاکی سەرەکی توێژینەوە بووە بۆ دەست خستنە سەر زامی ئەو کێشە و تەنگژانە کە ئەو سەردەمە مرۆڤ بەدەستییەوە ناڵاندوویەتی، سەرگەردان بووە. ئەو هەنگاوەی میتۆدەکە ڕێگەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە و هاتنە دەرەوە لە تەنگژەکە خۆش کردووە. ئازادی بیرکردنەوە و توێژینەوە، دوور لە چارسوورکردنەوەی کڵێسە



جۆن لوک

و سانسۆر، ڕێزگرتن لە جودابیر، باوەڕبوون بە توانایی مرۆڤ بەرەو دواڕۆژێکی چاکتر و خۆشتر، بوونی بیروڕای جیاواز لە کۆمەڵگەدا خەسڵەتی ئەو قۆناغە بەرهەمدارەیان بەرجەستە کردووە. (کرین برینتۆن: پێشەکی وەرگێڕ ل٩).

٢- لە کۆتایی سەدەی حەڤدە و لەچوارچێوەی ئەو بزووتنەوە کولتوورییە سەرتاپاگیرەدا لە کۆمەڵی ئینگلیز، جۆن لوک (١٦٣٣- ١٧٠٤ ز) فەیلەسووف و سیاسەتمەدار و دەروونزان، ڕابەری ئەو بزووتنەوە هزری و فەلسەفەییەی کردووە. پشت ئەستوور بە میتۆدەی ئەزموونی توێژینەوە، تەپوتۆزی ڕابوردووی لە فەلسەفە و ڕێباز و لقەکانی تەکاندووە. باوەڕی بە پێشکەوتن پتەوکردووە، کۆشاوە ساغی بکاتەوە، ئەو پەڕە دیەی (بەهەشتەی) مەسیحییەت لە قیامەتدا داینـاوە، دەکرێ لەسەر زەوی بەدی بهێنرێ، یان شاری ڕەب لە ئاسمان (کەسانت ئۆگۆستین (٣٥٤ — ٤٣٠ز) باسی کردووە، دەکرێ لەسەر

زەوی دابمەزرێنرێ و بنیاد بنرێ.

- جۆن لوک دواتر دیڤید هیوم (١٧١١- ١٧٧٦ز) کە هەردووکیان ڕابەری ڕێبازی ئەزموونین لە فەلسەفەی ئینگلیزیدا، کۆشاون ڕوونی بکەنەوە کە بابەتە کۆنەکانی فەلسەفە و لاهووت، بەپێی میتۆدەی توێژنەوەی ئەزموونی، وەک بوون، مردن، لاهووت، گەردوون، ژیان دوای مردن و زیندووبوونەوە و ڕەب و خەسڵەتەکانی و گوایە ڕەب بە پێی بنەماکانی بیرکاری جیهانی داهێناوە، باویان نەماوە و بەپێی پێشکەوتنی زانست و کۆمەڵگە لە تواناییدا نییە بە ڕێگەی ژیر و ئەزموون ئەو بابەتە میتافیزیکیانە بەلایەکدا بخرێن و یەکلایی بکرێنەوە، بگرە خۆ خەریککردنی هزرمەند و فەیلەسووفەکان پێیانەوە لەکات بەفیرۆدان و بەدواکەوتنی کلاوی بابردوو بەولاوە نییە، بۆیە لوک پێشنیازی کردووە کە میتۆدەیەکی تر بگیرێتەبەر، ئەرکێکی دیکە بە فەلسەفە بسپێردرێ، بریتی بێ لە دوورخستنەوەی میتافیزیک و دانانی بەردی بناغەی تیۆری زانین (ئیپستمۆلۆجی).

لێرەوە بپرسرێ ئایا سنووری زانینی ڕاستودروستی مرۆڤ تا چەند بڕ دەکات؟ گرینگ نییە کە ئەم بوونەوەرە، یان ئەوی دیکەیان ئیتر سەرووسروشتی بێ، یان لەسەر زەمین بێ، (بوون)، یان (نابوون)ی ساغ بکرێتەوە؟ بەڵکوو گرینگ ئەوەیە تا چەند مرۆڤ بەو هێز و توانستە سروشتییەی هەیەتی، دەتوانێ پەی بەبوونی ئەو بوونەوەرە بەرێت؟ ئایا ئەو زانین و پەی پێ بردنە، بەپێی میتۆدەی توێژینەوەی ئەزموونی، جێگەی دڵنیایی لێکردنەوە، یان گومان هەڵدەگرێ؟

- لەو کۆششەی (جۆن لوک)ـەوە دوو خاڵ کەوتوونەتەوە:

**یەک:** توانایی زانینی مرۆڤ سنووردارە و ناتوانێ ئەو سنوورە ببەزێنێ، بەڵام ئەم بڕیارە هیچ جۆرە ئەگەر و گومانێک هەڵناگرێ.

**دوو:** هەستەکان، هەریەکە بەجیا، یان پێکەوە، کە ئامراز و ڕێگەی شت زانینن، شمەکی دەروبەر و بابەتەکان چۆنن وەک خۆیان نیشانمان نادەن، بەڵکوو لە بارەیانەوە زانیاری و داتا پێشکەش دەکەن، ئایا ئەو کەرەستە و بابەتانە سوود دەگەیەنن، یان زیانبەخشن (ڕاینەر سپیچ ١٩٨٩. ل٣١).

- هەر لە چوارچێوەی ڕێبازی فەلسەفەی ئەزموونی ئینگلیزدا دیڤید هیوم کۆششەکەی (جۆن لوک)ی گەیاندووەتە دوا قۆناغی پەرەسەندنی و سوور بووە لەسەر ئەوەی، پشت ئەستوور بە شارەزایی و ئەزموون، هەموو بۆچوونەکانی مرۆڤ لە هەستەکانەوە سەرچاوە دەگرن و دەکەونەوە، شتێک لە مێشکدا بوونی نییە ئەگەر پێشتر بە هەستەکاندا تێنەپەڕیبێ.

هیوم هەوڵی داوە بەپێی ئەو پەرەسەندنەی سەردەمی خۆی ئەو میتۆدە زانستییەی توێژنەوە کە نیوتن (١٦٢٤ — ١٧٢٧ز) ڕەنگی ڕشتووە لە پرۆسەی توێژنەوەی دیاردەکانی سروشتدا پەیڕەو بکات و لەکایەی لێکدانەوە و تاووتوکردنی هێز و توانایی زانینی مرۆڤ بەکاری هێناوە. بەهۆی سوود وەرگرتن لەو میتۆدەی توێژنەوەیە، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە بنەمای هۆیەکی (پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام) هیچ بنەڕەتێکی لۆجیکی نییە، بەڵکوو بەهۆی دووبارەبوونەوە و لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەوە بۆچوونێک، دابونەریتێک لەمێشکدا جێگیربووە گوایە هەموو هۆکارێک ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە هەمیشە وا چاوەڕێ کراوە کە لەکاتی ڕوودانی چەند دیاردەیەکی لە یەکتری چوو (هۆکارەکان) چەند ڕووداوێکی لە یەکتری چوویان بەدوادا بێ

و لێ بکەوێتەوە (ئەنجامەکان).

- ئیتر پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەمەیە:

ئایا ئەو ڕووداوە لەیەکتری چووانەی پەیان پێ دەبردرێ و بەهۆی هەست و تێبینی کردنەوە دەزانرێن، بەڕاستی لەیەکتری دەچن؟ یان لەلایەن مرۆڤی هەستکارەوە کە پەی پێ بردوون، بە لەیەکچوو دادەنرێن و ڕێک دەخرێن؟! (شوپ ٢٠٠٣، ل٢٧٥).

٣- بەلای (هیوم)ەوە پرۆسەی زانین کە گرینگترین پشکی فەلسەفەیە، لەپەی پێ بردن بەو لاوە نییە، ئەو پەی پێ بردنەش خۆی لە دوو جۆر پێکهاتووە، پتەوی، لاوازی، ڕوونی، یان لێڵی و کاریگەرییەکەیان، سروشتی جۆرەکەیان دیار و دەستنیشان دەکات:

**یەک:** زانینی مرۆڤ لە تواناییدا نییە سنووری ئەزموون و تاقیکردنەوە ببەزێنێ، بگرە لەو سنوورە بەولاوە بڕ ناکات.

**دوو:** هەر شتێک ماددە (کەرەستە)، یان گیانیی بێت کە لە دەرەوی سنووری زانین و پەی پێ بردنی مێشک و فامی مرۆڤدا بێ (لە هەندێک فەلسەفەدا بەگەوهەر و پوختەی شت ناو دەبرێ) لەتواناییدا نییە بزانرێ، ئیتر مرۆڤ بەپێی میتۆدەی ئەزموون، هەر تەنیا ئەو شتانە دەزانێ کە هەستەکان لە تواناییاندایە بیانگەیەنێ و داتای هاوردە لە بارەیانەوە پێشکەش بکەن، بەڵام ڕاستی و گەوهەری سروشتی شت لە خۆیاندا بە نەزانراوی دەمێننەوە، چونکە لە دەرەوەی سنووری بڕکردنی هێز و توانایی زانینی مرۆڤدان. بەو بڕیارە دەکرێ هیوم بخرێتە نێو خانەی گومانکارەوە، بەڵام گومانی میتۆدەیی بەمەبەستی گەیشتن بە ڕاستیی و ڕاستەقینە.

- لە چوارچێوەی میتۆدەی توێژینەوە بەگشتی و توێژینەوەی فەلسەفە بە تایبەتی، ئیمانوییل کانت (١٧٢٤ - ١٨٠٤ز) ڕۆڵێکی بەرچاو و سەرنجڕاکێشی گێڕاوە، بەتایبەتی لە هەردوو گۆڕەپانی:

**یەک:** بار گۆڕینی کۆپەرنیکۆسیانە.

**دوو:** میتۆدەی ڕەخنەگریی، بەتایبەتی ڕەخنەکردنی ژیری مرۆڤ! ئەو چالاکییەی کانت، دەکرێ بە میتۆدەی توێژینەوەی فەلسەفەی ترانسندێنتالی دابنرێ، چونکە لەو هەلومەرجانەی کۆڵیوەتەوە کە سروشت و پوختەی شت دیار و دەستنیشان دەکەن و بەهۆیەوە ئەو شتە هەر خۆی دەبێ و شتێکی دیکە نابێ.

- بەپێی ئەو میتۆدەیەی گرتوویەتییەبەر لە چوارچێوەی فەلسەفەکەیدا لە بابەتی کێشە ئامێزی (بوون)ەوە بەرەو بابەتی (زانین) هەنگاوی هەڵگرتووە، ئەوجا کۆشاوە میتافیزیک بەناوەڕۆک و میتۆدەوە لە زانست نزیک بکاتەوە. بەلایەوە لەم هەوڵەدا نەک زانستی بیرکاری کە بایەخ بە ژمارە و فۆرم دەدات، بەڵکوو زانستی سروشت (فیزیک) ئەو زانستەیە لەو بوارەدا پشتی پێ ببەسترێ! بەڵام ئەوەشی لەیاد نەکردووە کە بیرکاری دوو بۆچوونی ناچاریی هەرە پێویست (کات و جێگە) دەکات بە مەرجی بۆچوون و وێناکردنی فیزیک، ئەوجا کۆشاوە ئەو مەرج و قانوونە گشتییانە ڕوون بکاتەوە کە ئەگەر سروشت پابەندیان ببێ، پرۆسەی زانین و زانین خۆی دەستەبەر دەبن (د. زکریا ابراهیم: ١٩٦٣، ص٥٩).

٤- لە سنووربەدەر فەیلەسووفی ترانسندێنتالی بڕوای بە بوونی نەزم و ڕێکوپێکی هەبووە، ئیتر ئەو ڕێکوپێکییە لە سروشت و دەوروبەردا بێ، یان لە بەرهەمی چالاکی بیر و مێشکەوە بکەوێتەوە. لە دوو دێڕە هەڵبەستدا گوتوویەتی: دووشت بەردەوام دەروونم دەورووژێنن و حەپەساندوویانم:

**یەک:** ئاسمانی بە ئەستێرە ڕازاوە لەسەرمەوە.
**دوو:** قانوونی ئاکار لە ناخی دەروونمدا:
(کانت: ب٣،پ١٦٢ ل٤٨٠، ١٩٩٥)

ئەو پرسیارەی لێرەدا سەر ئاو دەکەوێ: ئایا ئەو ڕێکوپێکییەی بیرکاری ئاساییە خۆی لە سروشت و ئاسماندا هەیە، یان ژێر و مێشکی مرۆڤ خۆیان وان، بیرکارییانە وەک پسپۆڕێکی ماتماتیک چالاکن و هەموو شتێک لە بەرگ و چوارچێوەی نەزم و ڕێکوپێکیدا دەبینن؟! لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کانت بەلای (دیڤید هیوم) دا هەنگاو هەڵدەگرێ و لەو باوەڕەدا بووە کە لە سروشتدا شتێک بوونی نییە پێی بگوترێ قانوون و نەزم، ئەمانە بابەتێکن تەنیا هەر لە مێشکی مرۆڤدا بوونیان هەیە نەک لە سروشت خۆی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤ خۆی قانوون و نەزمی خستووەتە نێو سروشتەوە، چونکە مێشکی مرۆڤ وەک ئەندازیارێکی ڕێکخستنی نەزم، بیرکارییانە بیر دەکاتەوە، لەو ڕوانگەیەوە کانت هەنگاوێکی تری هەڵگرتووە کە بە بارگۆڕینی کۆپەرنیکۆسییانە ناوی بردووە:

نیکۆلاس کۆپیرنیکۆس (١٤٧٣ - ١٥٤٣ز) هزرمەندێکی ئایینی لاهووتی، فەیلەسووف و زانایەکی سەدەی شازدە بووە، ساڵی ١٥٤٣ تێکڕای بەرهەمەکانی بڵاوکراوەتەوە، ئەو بەرهەمە بە دەستپێکی زانستی نوێ دادەنرێ، ئەگەر داهێنانی تەلەسکۆپی لەلایەن گالیلۆوە (١٥٦٤-١٦٤٢ز) بخرێتەسەر کە ساڵی ١٦٠٩ز دایهێناوە، بە تەواوەتی پشت کرایە فیزیکی ئەرستۆ و ڕەنگی فیزیکی نوێ ڕێژدرا. (یفوت: ١٩٨٩، ص٤١).

- کۆپیرنیکۆس کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە جیهاندیدی لە ئارادابووی لە ئەرستۆ و (پەتلیمۆس)ەوە کەوتووەتەوە، گوایە زەوی ناوەندی گەردوونە و خۆر (ڕۆژ) و ئەستێرەکان بەدەوریدا دەسووڕێنەوە، دروست نییە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە خۆر جێگیر و ناوەندە و زەوی و ئەستێرە و هەسارەکان بە دەوریدا دەخولێنەوە.

ئەو کۆششەی ئەو لاهووتییە دوو ڕەهەندی هەبووە:

**یەک:** ڕەهەندێکی فەلەکی بە ئەستێرەوە و خۆی تاڕادەیەک دوا ڕوخسار و ناوەڕۆکی بەپێی هەلومەرجی سەردەمی خۆی (سەدەکای ناوەڕاست)، دیار و دەستنیشان کراوە.

**دوو:** ڕەهەندێکی فیزیکی کە دواتر چەند زانایەک چوونەتە ژێر باری جێبەجێکردنی، لەوانە گالیلۆی ئیتاڵیایی.

- کەواتە ئەو بارگۆڕینە کۆپرنیکۆسییەی کانت لە چیدا دەردەکەوێ، یان بەرجەستە بووە؟!

٥- وەک لە پێشەکی چاپی کتێبی ڕەخنەکردنی ژێری بێگەرددا دەردەکەوێ، کانت ویستوویەتی گۆڕانێکی سەرتاپاگیر لە فەلسەفەدا بکات، ئیتر لە پرۆسەی توێژینەوەکەیدا بۆی دەرکەوتووە کە زانست کاتێک پێشکەوتووە کە میتۆدەی شیاوی توێژینەوەی داهێناوە، ئەو میتۆدەیەش پشتی بە بیرکاری بەستووە.

- لەدوای (جۆن لوک)ەوە تیۆری زانین (ئیپستمۆلۆجیا) بووە بە بابەتی سەرەکی فەلسەفە و لە توێژینەوەدا پشکی شێری بەر کەوتووە. تا سەردەمی کانت لە بابەتی تیۆری زانیندا وا باوبووە کە زانینی مرۆڤ لە کەرەستە و شتومەکی دەوروبەرەوە سەرچاوە دەگرێ و دەکەوێتەوە، بەڵام ئەو بڕیار و بۆچوونە نەبووەتە مایەی پترکردنی زانین و چارەسەرکردنی کێشەکانی تیۆری زانین و میتافیزیک و فەلسەفە بەگشتی، کەوابوو دەبێ وەک کۆپیرنیکۆس میتۆدە (ڕێگەیەکی) دیکە بگرێتەبەر بەوەی کە لەمەولا

شمەکی دەوروبەر پابەندی هێزی زانینی مرۆڤ (ژیر) ببن، بەڵکوو ئاسۆیەکی گەش و فراوانتر لەبەردەم زانین، بەتایبەتی و فەلسەفە بەگشتی بکرێتەوە. ئەگەر تا ئەم سەردەمە زانینی مرۆڤ پابەندی شمەکی دەوروبەر بووبێ و ئەوان مایەی زانین بووبن، ئیتر دەبێ لە ئێستاوە سروشت و دەوروبەر پابەندی ئاوازی زانینی مرۆڤ بن، ئەمەیە بارگۆڕینی کۆپەرنیکۆسییانە.

لە پێشەکی چاپی دووەمی ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرددا کانت گوتوویەتی: (تا ئێستا ئەو باوەڕە باوبووە کە دەبێ زانینمان بەپێی بابەتەکانی دەوروبەر ڕێک بخرێن، بەڵام گشت ئەو هەوڵانەی کە دراون بۆ ئەوەی پێشیانە بەهۆی چەمکەکانەوە بزانرێن و تێیان بگەیشترێ، بێ ئاکام و سەرکەوتوو نەبوون، زانینیشمان بەپێزتر و فراوانتر نەبووە، کەواتە با جارێک، ئەگەر بمانەوێ کێشە و ئەرکی میتافیزیک بەلایەکدا بخەین، وای دابنێین کە بابەتەکانی دەوروبەر پابەندی زانینی ئێمە بن و بەهۆیەوە ڕێک بخرێن، ئەمەش بە شێوازێکی چاکتر لەگەڵ شیاوەکی زانینی ئەو بابەتە پێشیانەدا دێتەوە) (کانت ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرد- بەئەڵمانی- ب١٦).

٦ - کانت لەو تێکستەدا ژیر (ئامرازی زانین)ی کردووە بە چەق و ناوەند و جێگیر و ئەگەر بویسترێ شت بزانرێ، دەبێ پابەندی ژیر بن، واتە ئەو هەوڵانەی تا ئێستا دراون سەرنەکەوتوون، چونکە میتۆدەی دروستیان لەبەر دەستدا نەبووە و لە سروشت و توانایی برکردنی ژیر تێنەگەیشتوون.

- بەو پێیە ئەو میتۆدی توێژینەوەیەی کە کانت پەیڕەوی کردووە بووەتە مایەی ئەوەی ڕەخنە بگرێ! بەڵام ڕەخنەگرتن لە چی؟! کانت لەو باوەڕەدا بووە کە ڕەخنە ئامرازێکی سەرەکی میتۆدەی توێژینەوەی فەلسەفەیە، بەڵام دەبێ ڕەخنەکە گشت بابەت و لایەنێک بگرێتەوە، بەبێ چەند و چۆن، نەک تەنیا هەر کتێب و نووسەر و کەسایەتی سیاسی و ڕێژیم و سیستەمەکان، بەڵکوو دەبێ ئایین و قانوون و ژیری خۆشی بگرێتەوە، کەوابوو لێرەدا ئەو پرسیارە سەر ئاو دەکەوێ: ڕەخنەکردنی ژیر! ئایا دەکرێ ژیر دوو ڕۆڵی لەیەکتری جیاواز بگێڕێ کاتێک خۆی ڕەخنە دەکات؟! جارێکیان ڕەخنەگر و جارێکیش ڕەخنە لێ گیراو؟! دەکرێ دادوەر خۆی بەتۆمەتێکی دیاریکراو خۆی دادگایی بکات؟ بەلای (کانت)ەوە دوو جۆر ژیر هەیە، یان ژیر دوو سروشتی هەیە:

**یەک:** ژیری لۆجیکی.

**دوو:** ژیری ترانسندێنتالی.

(امیل بوترو: ١٩٧١، ص٢٦)

ژیری لۆجیکی ڕەخنە لە ژیری ترانسندێنتالی دەگرێ!

- بەلای (کانت)ەوە، ژیری مرۆڤ لە جۆرێکی زانینەکەیدا ئەو چارەنووسە تایبەتییەی هەیە، باری سەرشانی بەچەند پرسیارێک قورس بووە و ناتوانێ خۆیان لێ ببوێرێ، چونکە بەهۆی سروشتی ژیر خۆیەوە بەسەریدا سەپێنراون و ناشتوانێ وەڵامیان بداتەوە، چونکە سنووری توانایی ژیری مرۆڤ دەبەزێنن! ئەمە ژیری ترانسندێنتالیە.

(کانت: ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرد- بەئەڵمانی - سەرەتای چاپی یەکەم، ١٩٧٦)

کەواتە بەپێی ئەو بریار و بۆچوونەی کانت، مرۆڤ دووچاری ئەو تەنگژانە دەبێ بەبێ ئەوەی خۆی دەستی تێدا هەبێ! لێرەوە ژیری ترانسندێنتالی کە ئەو چارەنووسەی هەیە، دەبێ بە کەرەستەی ڕەخنەکردن لەلایەن ژیری لۆجیکییەوە کە هەوڵ دەدات لەو سنووربەزاندنە بیگێڕێتەوە.

٧ - دوای کۆچی دوایی ڕابەری فەلسەفەی ئایدیالیستی ڕەهای ئەڵمان، هیگڵ، ساڵی (١٨٣١ز) دوو دیاردە سەر ئاو کەوتوون:

**یەک:** پەرەسەندنی شۆڕش ئامێزی زانستەکان.

**دوو:** تەنگژەی فەلسەفە، تا ڕادەیەک گومان لە ڕەوایەتیبوونی کراوە و ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بووەتەوە کە لەو سەردەمەدا زۆربەی کەرەستەکانی فەلسەفە بوون، بە تایبەتی توێژینەوەی زانستی، ئایا فەلسەفە و هزری فەلسەفە، شتێکیان پێ ماوە پێشکەشی بکەن؟!

لێرەوە دروشمی گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی ترانسندێنتالی کانت بەرزکراوەتەوە. بەو پێیە کۆشش کراوە، میتۆدەی ڕەخنەگریی کانت سوودی لێ وەربگیرێ و جارێکی دیکە چاو بە بابەت و لق و میتۆدەی فەلسەفەدا بخشێنرێتەوە. ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بەمیتۆدەوە هەیە، دوو ئاراستەی فەلسەفە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە سەرنجییان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە، بەڵام هەر یەکە بە ئاراستە و ئامانجی دیاریکراوی تایبەت بەخۆی و جیاوازتر لەوەی دیکە:

**یەک:** فینۆمینۆلۆجی بە ڕابەریتی ئیدمۆند هوسەرل (١٨٥٩ - ١٩٣٨).

**دوو:** پۆزیتیڤیزمی لۆجیکی کۆڕی ڤیننا. (کارناپ).

هەردووکیان، بەڵام بەشێوازی لەیەکتر جیا هەوڵیان داوە فەلسەفە لەزانست نزیک بێتەوە و پەنابەرێتە بەر میتۆدەیەکی ڕوون و ڕەوانی توێژینەوەی زانستی. لێرەوە ئەو پرسیارە هاتووەتە پێشەوە:

ئایا لەمەولا و لەو سەردەمەی شۆڕشی زانستی - تەکنۆلۆجیدا هیچیتر لەتوانایی فەلسەفەدا هەیە وێنەیەکی جیهانی ڕێکوپێک بنەخشێنێ و پێشکەش بکات؟! کام لقەی فەلسەفە لەو چالاکییەدا پشکی شێری بەردەکەوێ: میتافیزیک، لۆجێک، تیۆری زانین، یان ئاکار؟!

هەردوو ئاراستەکە تا ڕادەیەک پشتیان کردووەتە ئاکار و میتافیزیک و بەشێوازێکی دیار و ئاشکرا، لۆجیک و تیۆری زانینیان هێناوەتە پێشەوە، بەڵام هەریەکە لەلای خۆیەوە گۆڕانی بەسەر ئەو دوو لقەدا هێناوە بەجۆرێک لەگەڵ مەبەست و ئامانجی خۆیاندا بگونجێن و بێنەوە کە ڕەنگیان ڕشتووە، بەڵام هەردوو ڕێبازەکە بەیارمەتی ئەو میتۆدەیەی پەیڕەویان کردووە هەوڵیان داوە فەلسەفە پێشییانە لە میتافیزیک ڕزگار بکەن و لەو ئەرکەشیاندا دەستەواژە و ئەزموونی زیندوویان کردووە بە بنەمای بنەڕەتی.

هۆسەرل لە فەلسەفەکەیدا پەنای بۆ میتۆدەی شیکردنەوەی فینۆمینۆلۆجیانەی هۆش و هۆشیاری بردووە. بەو پێیە جیاوازی لەنێوان هەردوو دەڤەری بیری سروشتی فیزیکی و هزری فەلسەفەییدا دووپات کردووەتەوە.

بەڵام ڕێبازی پۆزێتیفیزمی لۆجیکی هەر لەسەرەتای دامەزرانییەوە لە ڤیننا پەنای بردووەتەبەر میتۆدەی شیکردنەوەی لۆجیکیانەی زمان، بەمەش کۆشاوە میتافیزیک لە فەلسەفە دوور بخاتەوە و فەلسەفە (لۆجیک- تیۆری زانین) بکات بە میتۆدەی توێژنەوەی شیکارییانەی (تیۆری و ئەنجامەکانی زانست).

٨- ئەو میتۆدەی هۆسەرل لە فەلسەفەکەیدا پەیڕەوی کردووە بە میتۆدەی فینۆمینۆلۆجی ئامانجەکی ناسراوە کە پێ لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ دادەگرێ:

**یەک:** هۆشیاری مرۆڤ، کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەی فەلسەفەی هۆسەرل-ە، لە ئەزموونی زیندووی ژیانی ڕۆژانە پێک دێت و ئەوی بەدەردەکەوێ (دیاردە- فێنۆمین) و مرۆڤ پەی پێ دەبات، یەکەم جار لە ئەزموونندا خەتوخاڵ دەدات.

**دوو:** پشت ئەستوور بە خاڵی سەرەوە، شرۆڤەکردن و تاووتو و لێکدانەوەی دیاردەکانی هۆش و پۆلێنکردنیان، کەرەستەی ئەو میتۆدەیەن کە فەلسەفە پشتی پێ دەبەستێ.

**سێ:** ئامانجەکی کە تانوپۆی میتۆدەکەی لێ پێک دێت بڕیاردانەکانی فەلسەفە دیار و دەستنیشان دەکات. بیرکردنەوە، بڕیاردان، خۆشویستن، ڕک لێبوونەوە، ئامانجی دیاریان هەیە کە لە دەرەوەی پرۆسەکەدایە و هەوڵی پێگەیشتنی دەدرێ، هەروەها گشت دیاردەیەک هەمیشە خەسڵەت و سروشتی ئامانجەکی هەیە و ڕاستەوخۆش بابەت و کەرەستەی هۆش و هۆشیارییە، چونکە هۆش هیچ کاتێک بەبێ ناوەڕۆک نابێت! هۆش بەردەوام ئاگاییە و ئاگاداربوونە بەرانبەر بەشتێک. هۆش و هۆشیاری هەرگیز بێ ناوەڕۆک و ڕووت و پەتی نابێت! بەڵام ئەو ناوەڕۆکە لە خۆیدا هۆش نییە، بەڵکوو شتێکی دیکەیە، بابەتێکە بەهۆی هۆش خۆیەوە پەی پێ دەبردرێ و دەزانرێ و دەکرێ بە هاوردەی هەستەکان ناوببرێ.

**چوار:** خۆبواردن لە بڕیاری پێشییانە. لە چالاکییەکانی هزر و مێشکدا بەو واتایە بڕیار هەڵبپەسێردرێ و بخرێتە نێو دوو کەوانەوە.

میتۆدەی فینۆمینۆلوجی (واتە دیاردە، دەرکەوت) بریتییە لە توێژینەوەی ڕێکوپێکی سیستمیانەی هۆشی مرۆڤ، چونکە هۆش لە خۆیدا تاکە دیاردەیە کە مرۆڤ لێی دڵنیایە و گومان لە ڕاستییەکەی ناکات!

دیاردەکانی هۆشی بێگەرد (دوور لە جێ دەست و کاریگەریی هەست و سۆز) ئەو دیاردانەن کە میتۆدەی فینۆمینۆلۆجی سەرگەرمی توێژنەوەیانە. هۆشیاری لە ئەزموونی زیندووی ژیانی ڕۆژانەوە سەر ئاو دەکەوێ، چونکە ئەوەی بەدەردەکەوێت و مرۆڤ پەی پێ دەبات لە ئەزمووندا دەردەکەوێ و بەتاقیکردنەوە (تەجرەبەدا) تێدەپەڕێ.

**پێنج:** بەتەنیا هەر بنەما و پێکهاتەی هۆش کەرەستە و بابەتی لێکدانەوە و تاووتوکردن و شرۆڤەکردنی میتۆدەی فینۆمینۆلۆجییە. ئەو میتۆدەیە لە شرۆڤەکردندا لە (وەسف)دا پوختە کراوەتەوە.

**شەش:** مەبەست لە شرۆڤەکردن، باسکردنی ناوەڕۆکی دیاردەی هۆش و هەستە کە دەبێ بۆ سەر بنجوبنەما و بناوانەکەی ببرێتەوە، ئیتر لێرەدا تەنیا هەر بایەخ بە خەسڵەتی گەوهەری شت دەدرێ، چۆن وەک دیاردە لە هۆشدا بەدەردەکەوێ. ئەو ڕەوش و دۆخە بەپێی ئەو میتۆدەیە وا پێویست دەکات هەموو بیر و بۆچوونێکی پێشووتری پێشییانە پشتگوێ بخرێن، بەڵام ئەو بڕیارە ئەوەی لێ ناکەوێتەوە کە توێژەر گومان لە بوونی ڕاستەقینەی شمەکی دەرەکی (دەوروبەر) بکات. دەبێ بوونی ڕاستەقینەی شت بخرێتە ناو دوو کەوانەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێ ڕاستەوخۆ سەرنجی گەوهەری شت بدرێت.

**حەوت:** هۆسەرل لەو چالاکییەی تاووتوکردنی هۆشدا جیاوازی لەنێوان دوو پرۆسەی بیر و هۆشدا کردووە:

- ناوەڕۆکی بیر و هۆش کە ئەو چەمکی (نۆئیمای) بۆ داناوە.
- پرۆسەی چالاکی بیر و هۆش کە ئەو (نۆئیزیس)ی پێ دەڵێ.

بەلای (هۆسەرل)ەوە نازناوی ترانسندێنتالی کە بە میتۆدەی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی بەخشراوە، لەوەوە کەوتووەتەوە کە ئەو میتۆدەیە ڕاستەوخۆ لەبارەی بابەتەکانی هۆش و هۆشیاری پرسیار ناکات، بەڵکوو دەپرسێ: چۆن ئەو بابەتانە هاوردەی هۆش و هۆشیار کراون: (هوسرل: افکار ۲۰۱۱، ص۸۵).

٨- له ساڵی ١٩٢٠ز بەدواوە لە شاری ڤیەننای پایتەختی نەمسا ڕێبازێکی فەلسەفە بەدروشمی ڕادیکالییانە (گۆڕان لە ڕەگوڕیشەوە) سەری هەڵداوە. گۆڕانەکە ڕووبەڕووی فەلسەفە بەگشتی و میتۆدەی توێژینەوە بەتایبەتی کراوە.

- لە مانیفێستی دامەزراندنی ئەو ڕێبازەدا کە بە کۆڕی ڤیەننای پۆزیتیڤیزمی لۆجیکی ناوبراوە، ئامانجەکانی دەکات بە دوو بەشەوە:

- بەشێکی ناریێ، کە بریتی بووە لە دوورخستنەوەی کێشە و دەستەواژەکانی میتافیزیک، میتافیزیک خۆی لە کایەی توێژینەوەی فەلسەفە و لە زانستە سروشتی و ڕوخسارییەکان و (بیرکاری) و لە بواری زانیندا بەگشتی بگرێتەوە.

- بەشێکی لەبار (پۆزەتیڤ). یەکخستنی زانینی مرۆڤ و زانستە هەندەکییەکان و فیزیک، بەتایبەتی میتۆدە و زمانەکە ئەو بنەمایەبن کە ئەو یەکگرتنەوەیان لەسەر بنیاد دەنرێ.

وەک ئەنجامێکی ئەم دوو خاڵە، هەردوو لقی لۆجیک و تیۆری زانین بەبابەتی سەرەکی فەلسەفە دەمێننەوە و میتافیزیک دوور دەخرێتەوە و ئاکار پشتگوێ دەخرێ.

لەو ئەرکەدا میتۆدەیەکی تایبەتی کە فریگە و ڕەسڵ ڕەنگیان ڕشتووە پشتی پێ دەبەسترێ (میتۆدەی شیکردنەوەی لۆجیکی).

(فەلسەفەی کۆڕی ڤیەننا، هەولێر ٢٠١٣، ل٩-١٣)

- کۆڕی ڤیەننا بۆ پاساودانی ئەو هەڵوێستەی پشتی بەچەند خاڵێک بەستووە کە لەو سەردەمەدا سەر ئاو کەوتوون:

**یەک:** شکستی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان لە ساڵی ١٨٣١ز بەدواوە، ئەمەش پێویستی کردووە هەنگاو بۆ ڕووبەڕوونەوەی ئەو تەنگژەیە هەڵبگیرێ.

**دوو:** هەر دوو شۆڕشی زانستی ڕێژەیی ئاینشتاین و کوانتەمی هایزنبێرگ کە وێنەی جیهانی زانست و فەلسەفەیان سەرتاپا گۆڕیوە و قۆناغێکی نوێ هاتووەتە کایەوە، بەتایبەتی لەبەردەم توێژینەوەی زانستی و فەلسەفەدا. مژدەی ئەوە بە فەلسەفە دراوە گوایە پشت ئەستوور بە شۆڕشی زانستی و بە میتۆدەی شیکردنەوەی لۆجیکی ئەو کێشانە یەکلایی دەکرێنەوە کە باری سەرشانی فەلسەفەیان قورس کردووە و وەڵامی پرسیارەکانی دەدرێتەوە.

**سێ:** ئەرکێکی نوێی جیاواز لەوەی پێشووتر کەوتووەتە ئەستۆی فەلسەفە، ئەرکێک لەگەڵ دەرکەوتنی گۆڕانە زانستییەکانی سەردەم و ئەو ئەنجامانەی لێیان کەوتووەتەوە بگونجێ و بێتەوە.

**چوار:** ئامرازێک بەدەست هاتووە و ڕەنگی ڕێژدراوە، ئامرازی میتۆدەی شیکردنەوەی لۆجیکیانە کە دەستەبەری ئەوە دەبێ میتافیزیک لە کایەی فەلسەفە و زانست دوور بخرێتەوە.

**پێنج:** بەهۆی میتۆدەی شیکردنەوەی لۆجیکییەوە دانانی بەردی بناغەی کۆشک و تەلاری کلاسیکی فەلسەفە باوی نەماوە و لەمەولا فەلسەفە دەبێ بە چالاکی، ئەنجام و میتۆدە و تیۆرییە زانستییەکان تاووتو و شی بکاتەوە. بەو پێیە ئەو ئەرک و چالاکییە نوێیەی فەلسەفە بە زانستە ئەزموونییەکانەوە (فیزیک) پەیوەست کراوە و بەهۆیانەوە پیادە و جێبەجێ دەکرێ، ئیتر بەو هەنگاوە کە لەو کۆڕەدا هەڵگیراوە، قسە لەوە کراوە کە بەو جۆرە و لە ڕوانگەی ئەو ڕێبازە فەلسەفییەی پۆزیتیڤیزمی لۆجیکییەوە کێشەکانی فەلسەفە یەکلایی دەکرێنەوە:

**یەک:** بەهۆی میتۆدەی شیکردنەوەی لۆجیکییەوە دەرکەوتووە کە ئەو زمانەی لە ڕێبازە فەلسەفییەکاندا بەکارهاتووە چەند کێشەیەکی بەرپاکردووە کە ڕوخسار و ناوەرۆکی ئەزموونیان هەیە و دەکرێت

پشت ئەستوور بە میتۆدەی توێژینەوەی زانستە سروشتییەکان یەکلایی بکرێنەوە.

**دوو:** جۆری دیکەی کێشەکانی فەلسەفە و هزر بەهۆی بەکارهێنانی زمان بە ئاراستەیەکی دیاردا کەتوونەتەوە، ئەگەر چەمک و دەستەواژەکانیان بەهۆی میتۆدەی شیکردنەوەی لۆجیکی تاووتو بکرێن، دوای روونکردنەوە و پێناسەکردنیان یەکلایی دەکرێنەوە و وەڵامی پرسیارەکانیان دەدرێتەوە.

**سێ:** جۆری سێیەم کێشە و دەستەواژە میتافیزیکییەکانن. ئەو کێشانە هەندێکیان بە شێوازی پرسیار دێنە بەرچاو، بەڵام سەختە وەڵام بدرێنەوە و ناشکرێت ناوەرۆکەکەیان بەزمانی زانست دەربپڕدرێن. شیکردنەوەی لۆجیکی وەک میتۆدە دەری دەخات ئەمانە زڕەکێشەن و دەستەواژەکانیش بێ واتان، چونکە لە داڕشتنیاندا بە هەڵە سێنتاکسی لۆجیکی زمان بەکارهێنراوە. بەلای (کارناپ)ەوە ئەو نموونانە لە نووسینەکانی هایدگەردا بەدی دەکرێن، بەتایبەتی لە توێژینەوەی (میتافیزیک چییە)دا دەرکەوتوون کە وشەی (هیچ)ی بە چەند واتایەک بەکارهێناوە کە بەتەواوەتی بنەما بنەڕەتییەکانی لۆجیکی زمانیان پێشێل کردووە و وەک کێشە هاتوونەتە بەرچاو.

- دوای دووەمین جەنگی جیهانی ئەو کۆڕە کۆتایی پێ هات و ڕابەر و ئەندامانی ڕوویان لە وڵاتانی تر کردووە و بەیەکجارەکی ئەڵمانیا و نەمسایان بەجێ هێشتووە. ئەو کۆچەیان لە بەریتانیا و ئەمەریکا بووە بە مایەی جێگیرکردنی ڕێبازی فەلسەفەی شیکاری کە پتر بایەخ بە توێژینەوەی زمان دەدات و جۆر و پێکهاتە لۆجیکییەکانی شی دەکاتەوە، ئیتر هەر لە زمانەوە تاوەکوو میتا زمان و سێنتاکس و سیمانتێکس و پراگماتیکس، پشکی شێری ئەو ڕێبازە فەلسەفەییەیان بەرکەوتووە.

- گۆڕان و پەرەسەندن ڕەوش و دۆخێکە ژیان پێویستی دەکات و دەیسەپێنێ. فەلسەفە وەک بابەتێکی گرینگی هۆشیاری کۆمەڵایەتی، نەک هەر پرپشکی ئەو پەرەسەندنەی بەرکەوتووە، بەڵکوو ناکرێ لێی بەدەربێ، بەڵام گۆڕان لە پێناوی بەرەوپێش بردن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و پڕکردنەوەی کەلەبەرەکان، شتێکە و بانگەشەی ڕووت و پەتی گۆڕان بەبێ مەبەست و ئامانجی ڕەنگ بۆ ڕێژدراو، شتێکی دیکەیە! ئەمڕۆ لەم سەردەمەماندا فەلسەفە دووچاری هەڕەشەیەکی تر بووەتەوە کە لەلایەن تەکنۆلۆجیای سەردەمەوە لێی دەکرێت! هەڵوێستی فەلسەفە چۆنە و دەبێ چۆن بێ، بەرانبەر ئەو گەف لێکردنە؟ ڕۆژگار دەستەبەری وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەبێ.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


١- كرين برينتون: تشكيل العقل الحديث، ت: شوقي جلال، سلسلة عالم المعرفة. الكويت، العدد ٨٢ سنة ١٩٨٤.

2- Rainer Spech: John Locke. Munchen 1989.

3- Franz Schupp: Geschichteder Philosophie Bd. 3. Meiner. Hamburg 2003.

٤- الدكتور زكريا ابراهيم، كانت أوالفلسفة النقدية، مصر، ١٩٦٣.

5- Kant Immanuel: Kritik der Praktischen Vernunft. Werke 3. Para. 162. S. 480. Koenemann 1995.

٦- سالم يفوت: الفلسفة والعلم في العصر الكلاسيكي، بيروت، ١٩٨٩.

7- Kant Immanuel: Kritik der reinen Vernunft. F. Meiner Verlay. Hamburg 1976>

٨- إميل بوترو، فلسفة كانط، ت: د. عثمان امين، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، القاهرة، ١٩٧١.

٩- إدموند هوسرل، أفكار ممهدة لعلم الظاهريات الخالص والفلسفة الظاهراتية، ت. أبو يعرب المرزوقي، دار جداول، بيروت، ٢٠١١.

١٠- چەند نووسەرێک: دەربارەی فەلسەفەی کۆڕی ڤیەننا (بەڵگەکان). و: د. حەمید عەزیز، هەولێر، ٢٠١٣.